وقائع المؤتمر الدولي الرابع ( التعليم العالي وقضايا المجتمع المعاصر )٦-٢٠٢٦/٥/٧

Kirkuk University Journal: Humanity Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

ISSN P: 1992-1179

ISSN E: 3107-3360

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

# Grammatical Information in Dictionary Introduction (Khal Dictionary) and (Shwan Dictionary) as a Case of Study

Assist Lecturer: Fakhir Najmadeen Qara Mohammed

Charmo University- College of Education- Chamchamal- Kurdistan Region – Iraq

Email: fakhir.najmadeen@chu.edu.iq

***Abstract :***This study is a specialized investigation within the field of lexicography. It adopts a descriptive-analytical approach to highlight the importance, types and functions of grammatical information presented in dictionary introductions as well as its usefulness of dictionary users. Two Kurdish - Kurdish dictionaries, namely the Khal Dictionary and the Shwan Dictionary are selected as case studies.

The research focuses on grammatical information included in dictionary introductions, such as morphological and syntactic features, word formation processes, usage patterns, and other relevant linguistic details. This information plays a crucial role in familiarizing dictionary users with essential grammatical knowledge.

This study argues that a dictionary is not limited to providing word meaning; rather, it also serves as a valuable resource for grammatical guidance. Such information enables users to understand fundamental grammatical rules and supports the accurate use of words and lexical entries in communication.

***Keywords:*** grammatical information, dictionary introduction, lexical entries, lexicography.

# المعلومات القواعدية في مقدمة المعجم (معجم خال) و (معجم شوان) انموذجا

**م. م. فاخر نجم الدين قره محمد**

Email: fakhir.najmadeen@chu.edu.iq

جامعة جرمو- كلية التربية- جمجمال- اقليم كردستان- العراق

**خلاصة البحث**

هذا البحث متخصص في مجال علم المعاجم، ونستخدم فيه المنهج الوصفي - التحليلي لإظهار أهمية وأنواع المعلومات القواعدية في مقدمة المعجم، ومدى فائدة هذه المعلومات في مساعدة مستخدم المعجم، وقد تم اختيار قاموسين (كردي–كردي) كمثالين. تتضمن المعلومات القواعدية في مقدمة المعجم معلومات عن الصرف والنحو، وبنية الكلمات

واستخدامها، والعديد من المعلومات الأخرى، مما يعرف مستخدم المعجم ببعض المعلومات القواعدية، لأن المعجم لا يقتصر دوره على شرح معاني الكلمات فحسب، بل يتطلب أيضا معرفة قواعدية تمكنه من إتقان بعض القواعد الأساسية للغة، والاستخدام الصحيح للكلمات والمداخل المعجمية في الكلام.

**الكلمات المفتاحية:** المعلومات القواعدية، مقدمة المعجم، مداخل المعجم، صناعة المعجم.

## زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا (فەرهەنگی خاڵ) و (فەرهەنگی شوان) بە نموونە

**م. ی. فاخر نەجمەدین قەرە محەمەد**

*Email:* [fakhir.najmadeen@chu.edu.iq](mailto:fakhir.najmadeen@chu.edu.iq)

زانکۆی چەرموو- کۆلێژی پەروەردە- چەمچەماڵ- هەرێمی کوردستان – عێراق

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تایبەتە لە بواری فەرهەنگسازی و ڕێبازی پەسنی - شیکاری بەکارهاتووە بۆ دەرخستنی گرنگی و جۆرەکانی زانیارییە ڕێزمانییەکان لە پێشەکیی فەرهەنگدا، هەروەها سوودی ئەو زانیارییانە لە یارمەتیدانی بەکارهێنەری فەرهەنگ و بۆ ئەم مەبەستە دوو فەرهەنگی (کوردی – کوردی) بە نموونە وەرگیراون، هەروەها ئەو زانیارییە ڕێزمانییانەی لە پێشەکیی فەرهەنگدا هەن بریتین لە زانیاریی وشەسازی و ڕستەسازی و دروستبوونی وشە و بەکارهێنانیان و چەندین زانیاریی تر، بۆ ئەوەی بەکارهێنەری فەرهەنگ شارەزای هەندێک لە زانیاییە ڕێزمانییەکان بێت، چونکە فەرهەنگ تەنیا ئەرکی خستنەڕووی واتای وشەکان نییە، بەڵکو زانیاریی ڕێزمانی بۆ فەرهەنگ پێویستە بۆ شارەزابوونی هەندێک لە یاسا سەرەکییەکانی ڕێزمانی زمان و بەکارهێنانی وشە و دەروازەکان بە شێوەکی دروست لە ئاخاوتندا.

کلیلی وشەکان: زانیاریی ڕێزمانی، پێشەکیی فەرهەنگ، دەروازە فەرهەنگییەکان، فەرهەنگنووسی.

### پێشەکی

### ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا (فەرهەنگی خاڵ) و (فەرهەنگی شوان) بە نموونە)یە، توێژینەوەکە لە بواری فەرهەنگسازییە و تایبەتە بە زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگی کوردیدا و بۆ ئەم مەبەستە دوو فەرهەنگی کوردی بە نموونە وەرگیراون، هەروەها زانیارییە ڕێزمانییەکان لەم توێژینەوەیەدا، تەنیا زانیاریی وشەسازی و ڕستەسازی وەرگیراون.

### هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

بە هۆکاری گرنگی زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ، هەرچەندە هەندێک فەرهەنگ گرنگی بە دانانی ئەم جۆرە زانیارییانە نادەن لە پێشەکیی فەرهەنگدا، لەبەر ئەم هۆکارە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدرا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی پەسنی و شیکاری، کە ئەو دوو ڕێبازە لەم توێژینەوەیە پێڕەوکراون.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی جۆرەکانی زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگی کوردیدا، پاشان گرنگیی ئەو زانیارییە ڕێزمانییانە دەخرێنەڕوو، کە کارێکی جێگەی بایەخە و دەکرێت فەرهەنگنووس و لیژنەکانی دانانی فەرهەنگ لە دانانی فەرهەنگدا ڕەچاویانبکەن و ئەو زانیارییانە لە پێشەکیی فەرهەنگدا تۆماربکەن.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی.

**بەشی یەکەم: زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا**

ئەم بەشە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە و باس لە زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا دەکات و جۆرەکانی زانیاریی ڕێزمانی لە فەرهەنگدا دیاریدەکرێت، کە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتین لە: (زانیاریی وشەسازی و زانیاریی ڕستەسازی) و جۆرەکانی زانیاریی وشەسازی و ڕستەسازی لە پێشەکیی فەرهەنگدا باسکراون، هەروەها گرنگی و ڕۆڵی ئەم جۆرە زانیارییانە لەگەڵ هەندێک پێشنیاز بۆ دانانی ئەم زانیارییانە لە پێشەکیی فەرهەنگدا لە زمانی کوردیدا باسکراون و خراونەتەڕوو.

**بەشی دووەم: زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی (فەرهەنگی خاڵ) و (فەرهەنگی شوان)**

لەم بەشەدا ئاماژە بەو زانیارییە ڕێزمانییەکانە دراون، کە لە پێشەکیی فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا باسکراون و دوو فەرهەنگ بە نموونە وەرگیراون، کە بریتین لە فەرهەنگەکانی (خاڵ، شوان)، هەروەها هەندێک زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکییەکانیان باسکراوە و ئەو زانیارییانە لەم توێژینەوەیەدا شیکراونەتەوە و خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم: زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا**

**١/١) زانیاریی ڕێزمانی**

مەبەست لە زانیاریی ڕێزمانی ئەو زانیارییانەن، کە تایبەتن بە زمان و دەستوور و ڕێساکانی بەکارهێنانی زمانەکە ئەم زانیارییانە بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ پێویستن، چونکە لە ناوەڕۆکی فەرهەنگەکەدا زیاتر چۆنیەتی بەکارهێنان و واتای دەروازەکان شیکراونەتەوە و لێکدراونەتەوە، ڕێزمانی هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دانانی ئەم جۆرە زانیارییانە لە پێشەکیی فەرهەنگ سوودی زۆر بە بەکارهێنەری فەرهەنگ دەبەخشێت بۆ بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانی زمان.

پێشەکیی فەرهەنگ ڕووکاری یەکەمی پێکهاتەی فەرهەنگە، کە ئەرکی جیاواز لەخۆدەگرێت گرنگترین ئەرکی پێشەکیی فەرهەنگ ئەرکی فێرکارییە، وەک ڕووکارێکە بەکارهێنەری فەرهەنگ دەورووژێنێت، سەرەڕای ئەوە ئەرکی ڕێنمایی بەکارهێنانی فەرهەنگ و شیکردنەوەی هێما و کورتکراوە بەکارهێنراوەکانە و ڕێنیشاندەری بەکارهێنانی فەرهەنگەکەیە بە شێوەیەکی دروست. **(الأمين – ربيعة، ٢٠٢٢: ٩٢٨).(Al ameen – Rabia, 2022: 928).**

زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا هەندێکجار لە زانیاریی پوختەی ڕێزماندا دادەنرێن، کە کورتە بەڵگەنامەیەکی زانیاریی گرنگ و جۆراوجۆری زمانەکەی تێدایە پێویستە ئەو کەسە بیزانێت، کە فەرهەنگەکە بەکاردەهێنێت بە تایبەتی بەشەکانی ئاخاوتن، مۆرفێمەکانی گەردانکردن، ڕیزکردنی وشەکان، پوختەی ڕێزمان کارێکی خوازراوە لە فەرهەنگە هاوچەرخەکاندا و پێویستە فەرهەنگ لە بەشە دەرەکییەکەیدا گرنگی بەم جۆرە زانیارییانە بدات و پوختەیەک لە وشەسازی و ڕستەسازی تۆماربکات، بۆئەوەی بەکارهێنەر پەنا بۆ سەرچاوەی ڕێزمانی نەبات. **(عثمان، ٢٠١٦: ٩٠-٩١). (Othman, 2016: 90- 91).**مەبەست لە زانیاریی ڕێزمانی ئەو یاسا و دەستوورانەیە، کە لە زمانەکەوە وەردەگیرێن، ڕێزمان بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (ڕێزمان وەک مادەیەکی زانست یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی زمانەوانی و بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و دەستوور لە بارەی گۆڕینی وشە و چوونە پاڵ یەکدی لە ڕستەدا). **(حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٥٦)**، **(Haji Marif, 2014: 156)**، سەرەڕای ئەوەی (فۆنۆلۆژی) و (واتاسازی)ش بە دوو لقی تری ڕێزمان هەژماردەکرێن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا تەنیا زانیاریی وشەسازی و زانیاریی ڕستەسازی دەخەینەڕوو، زانیاریی ڕێزمانی هەندێکجار لەژێر ناوی (پوختەی ڕێزمانی) لە فەرهەنگدا دانانرێن و لە پێشەکیی فەرهەنگ لەگەڵ زانیاریی بەکارهێنانی فەرهەنگ و هێما بەکارهاتووەکانی فەرهەنگەکە هەندێک زانیاریی ڕێزمانی دادەنرێن، هەندێکجار ئەو سەرچاوانەی فەرهەنگنووس لە دانانی فەرهەنگەکە بەکاریهێناون لەگەڵ هەندێک زانیاریی تر بەپێی ئامانجی دانانی فەرهەنگەکە و مەبەستی فەرهەنگنووس لە فەرهەنگەکەدا دادەنرێن.

زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا بە سێ شێوەی سەرەکی دادەنرێن، کە بریتین لە:

١- لەگەڵ پێشەکیی فەرهەنگەکان لە کاتی ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی فەرهەنگەکان.

٢- وەک پوختەی ڕێزمان بە شێوەی تایبەتی.

٣- لەناو دەروازەی فەرهەنگی لە بەشی سەرەکی فەرهەنگەکان لە کاتی ڕوونکردنەوەی دەروازەکان. **(عثمان، ٢٠١٦: ٩١).(Othman, 2016: 91).**

دەبێت بەشی ڕێزمان لە فەرهەنگدا بەو جۆرە بێت، کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی فەرهەنگەکەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بەکارهێنانی فەرهەنگەکە ئاسان بکات، نەک بە خۆڕایی ببێت بە بارێک بەسەر فەرهەنگەکەوە. **(حاجی مارف، ١٩٧٨: ٤٦).(Haji Marif, 1987: 46).**

یەکێک لە ئەرکەکانی فەرهەنگ ئاماژەدانە بە زانیاریی تایبەت بە واتا و زانیاریی دەرخستنی شێوەی درکاندن و دیاریکردنی ڕێنووسی دەروازەکانی فەرهەنگ و چۆنیەتیی دروستبوونی وشە و زانیاریی وشەسازی و ڕستەسازی و زانیاریی بەکارهێنان و ئەم ئەرکانەی فەرهەنگ بەپێی تایبەتمەندی فەرهەنگ و ئامانجی فەرهەنگ دەگۆڕێت، ئایا فەرهەنگەکە تاکزمانی یان جووتزمانی

یان فرەزمانییە، گشتی یان پسپۆڕییە، گەورەیە یان بچووکە؟. **(عمر، ٢٠٠٩: ١١٥)**. **(Omar, 2009: 115)**.

### ٢/١) جۆرەکانی زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا

زانیاریی ڕێزمانی مەبەست لە زانیاریی تایبەت بە ڕێزمانی زمانێکە، کە لە دانانی فەرهەنگدا گرنگ و پێویستە زانیاریی ڕێزمانی تایبەت بە زمانەکە دابنرێت، هەروەها لە پێشەکیی فەرهەنگدا ئاماژە بە زانیاریی جۆراوجۆری ڕێزمانی بدرێت، ئەم زانیارییانە بریتین لە زانیاریی وشەسازی و ڕستەسازی، (هەر زمانێک خاوەنی ڕێزمانی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ڕێزمان لەسەر کەرەستەی چەسپاوی ئەو زمانە دادەڕێژرێت و ڕێزمان بەو زانستە دادەنرێت، کە لە وشە و ڕستە دەدوێت و دەبێت بە دوو بەشەوە، کە بریتین لە وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) و ڕستەسازی (سینتاکس) ئەم دوو بەشە دوو بەشی گرنگی ڕێزمانن). **(حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٥٦)**. **(Haji Marif, 2014: 156)**.

لە فەرهەنگدا لە پاڵ زانیاریی تایبەت بە واتای وشەکان، کە بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگەکە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە واتای وشە نامۆ و لێڵەکان، لەگەڵ ئەم ئەرکە سەرەکییەی فەرهەنگ پێویستە زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا هەبێت و ئەم زانیارییانە بۆ دوو جۆر دابەشدەکەین، کە بریتین لە زانیاریی وشەسازی و زانیاریی ڕستەسازی.

### ٢/١-١) زانیاریی وشەسازی

لە فەرهەنگەکاندا زانیارییە وشەسازییەکان پێویست و سەرەکین و پێویستە چەند زانیارییەک دیارییبکرێن، لەوانە: دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاخاوتنی یەکەکان، دەستنیشانکردنی ناوی گشتی و ناوی تایبەتی، و پێکهاتنی وشەکان، وەک: (سادە و ناسادە (داڕێژراو و لێکدراو)) و ڕەگەزی وشەکان لە ڕووی (نێر و مێ)وە و هەندێک زانیاریی تر، کە بۆ خوێنەری کورد و بیانی گرنگن و بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی پێویستن لە فەرهەنگدا هەبن. **(مراد، ٢٠٢١: ٦٧-٦٨)** **(Murad, 2021: 67 – 68)**، کە ئەمە هەمان ئەو مەبەستە دەگەیەنێت، کە فەرهەنگ تەنیا ڕیزکردنی وشە و واتاکان نییە، بەڵکو زانیاریی بەکارهێنان و ئاماژەدان بە دەستووری زمان کارێکی گرنگە لە فەرهەنگەکاندا هەبێت.

بابەتی وشەسازی جێگەیەکی گەورەی لە فەرهەنگدا گرتووە و ڕێژەی ئەو زانیارییە وشەسازییانەی کە لە فەرهەنگدا پێویستە هەبێت لەسەر دوو بنەما بنیاد دەنرێت، کە بریتین لە: ا- قەبارەی فەرهەنگ. ب- ئەو توێژەی کە فەرهەنگەکەی بۆ دانراوە. **(طاهر - محمدصالح، ٢٠٢١: ٧٤٠)**.**(Tahir – Mohammedsalih, 2021: 740)**.

دەتوانین لە پێشەکیی فەرهەنگدا چەند جۆرێک لە زانیاریی وشەسازی دیارییبکەین. **(مامە، ٢٠١٣: ١٠٢)** **(Mama, 2013: 102)** وەک:

**١- بەشەکانی ئاخاوتن:**

لە فەرهەنگدا زانیاریی بەشەکانی ئاخاوتن پێویستە بە شێوەی کورتکراوە لە ناوەڕۆکی فەرهەنگ لە بەردەم دەروازە فەرهەنگییەکان دابنرێن، وەک: دار (ن.) جوان (هان.) ...هتد. و لە سەرەتای فەرهەنگدا لیستی کورتکراوە و هێماکانی ناو فەرهەنگەکە دابنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشەکانی ئاخاوتن لە پێشەکیی فەرهەنگدا گرنگە باسبکرێن و بە پێناسەیەکی کورت لەگەڵ نموونە و تایبەتمەندیی هەر بەشێک، وەک: ناو لە ڕووی ناسراوی و نە ناسراوی و تاک و کۆ ... هتد.

هاوەڵناو (پلەی چەسپیو، بەراورد، باڵا) ... هتد.

هاوەڵکار پێناسە و تایبەتمەندییەکانی ... هتد.

**٢- پێکهاتەی وشەکان:**

مەبەست لە پێکهاتەی وشەکانە لە ڕووی ڕۆنانەوە، لە هەندێک شوێن فەرهەنگنووس بە مەبەستی دیاریکردنی بڕگە، یان بە مەبەستی دەرخستنی شێوەی مۆرفیمەکان بە جیا نیشانیاندەدات، کە هێمای کۆ (+) لە نێوان بڕگەکان دادەنرێت، دەکرێت لە پێشەکیی فەرهەنگدا هەندێک زانیاریی لەسەر پێکهاتەی وشەکان و دروستبوونیان بخرێتەڕوو، وشەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە بریتین لە (سادە و ناسادە)، پێشنیازدەکەین زانیارییەکان لەسەر پێکهاتەی وشەکان لە پێشەکیی فەرهەنگدا بەم شێوەیەی خوارەوە بخرێنەڕوو:

وشەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە بریتین لە: (سادە و ناسادە).

ا- پێناسەکردنی وشەی سادە: بە کورتی وشەی سادە پێناسەبکرێت و چەند نموونەیەک لە وشەی سادە دابنرێن، وەک: (دار، بەرد ... هتد)

ب- پێناسەکردنی وشەی ناسادە: وشەی داڕێژراو و لێکدراو بە کورتی پێناسەبکرێن و دانانی نموونە و ڕوونکردنەوەی کورت لەو بارەیەوە پێویستە، وەک:

پێناسەی وشەی داڕێژراو و دانانی چەند یاسایەکی داڕشتن، وەک: (پێشگر+ وشە) ڕاهێنان، یان (وشە + پاشگر) کردنەوە، یان (پێشگر+ وشە+ پاشگر)، هەڵکردنەوە.

پێناسەی وشەی لێکدراو و دانانی چەند یاسایەکی لێکدانی وشە بە شێوەی دوو کەرتی واتادار یان زیاتر یان بە هۆی ئامرازەوە یان بەبێ ئامراز، وەک: (ناو+ ناو) دەستنوێژ. (ناو+ ئامراز + ناو) کاروبار.

**٣- ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ):**

لە پێشەکیی فەرهەنگدا پێویستە ناوەکان لە ڕووی ناوی تاک و کۆوە دیاریبکرێن، لە زمانی کوردیدا بە هۆی نیشانەی تایبەتەوە ناوێک لە تاکەوە بۆ کۆ دەگۆڕێت، ناوی کۆ بە هۆی نیشانەکانی کۆوە، وەک: (ان، هات، ەها، وات، جات، گەل) دەبن بە کۆ.

پێشنیازدەکەین چۆنیەتیی کۆکردنەوەی ناوەکان لە زمانی کوردی لە پێشەکیی فەرهەنگدا بە کورتی ڕوونبکرێنەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا- دار + ەکان (ەکە) (ان) = دارەکان (بەکارهێنانی زۆرە).

ب- کوڕ + ان = کوڕان (وشەکە کۆتایی نەبزوێن بێت)، یان مامۆستا+ ی + ان = مامۆستایان (وشەکە کۆتایی بە بزوێن بێت).

پ- باخ+ ات، میوە+ جات، شووشە+ وات، کوڕ+ گەل، ساڵ +ەها (بەکارهێنانیان سنوورداره و کەمە). **(خۆشناو، ٢٠٠٩: ٢٠ - ٢١)**. **(Khoshnaw, 2009: 20- 21)**.

**٤- ناو لە ڕووی ناسراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو):**

لە پێشەکیی فەرهەنگدا زانیاریی تایبەت بە ناو لە ڕووی ناسراوی و نەناسراوییەوە پێویستە و کارێکە جێگەی بایەخە، لە پێشەکیی فەرهەنگدا بە کورتی ناوی ناسراو و نەناسراو پێناسەبکرێن و چەند نموونەیەک باسبکرێن، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی یاساکانی بەکارهێنانیان بە کورتی، ناوی ناسراو بە هۆی نیشانەی ناسراوی (ەکە) و ئەلەمۆرفەکانی دیاریدەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

-دۆخی ناسراوی بە شێوەی گشتی، ئەگەر دوا پیت نەبزوێن بوو، وەک: کوڕ + ەکە= کوڕەکە

شێوەکانی تر (ئەلەمۆرف)ەکانی تر، کە بەپێی ژینگە فۆنۆلۆژییەکەیان دەگۆڕێن و چەند شێوەیەکی تریان هەیە، وەک: لە دۆخی ناسراوی تاک، وەک: (مامۆستا + کە = مامۆستاکە) (دۆ + یەکە = دۆیەکە)

-لە دۆخی کۆکردنەوە و ناسراوی، وەک: (مامۆستا+ ەکە+ ان= مامۆستاکان)، (دۆ+ یەکە+ ان= دۆیەکان)، (گوڵ+ ەکە+ ان= گوڵەکان)

-ناوی نەناسراو بە هۆی نیشانەی (ێک)، یان ئەلەمۆرفەکانی (یەک، ەک، یێک، ێ) وە دیاریدەکرێت، وەک:

لە کاتێک بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت، وەک (کوڕ+ ێک = کوڕێک)، هەندێکجار (کوڕ + ێ = کوڕێ)، (کوڕ+ ەک= کوڕەک).

لە کاتێک بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت، وەک: (دۆ+ یەک = دۆیەک) (دۆ+ یێک = دۆیێک). **(سەعید، ٢٠١٣: ٢٨ – ٢٩)**. **(Saeed, 2013: 28- 29)**.

**٥- ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە:**

ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە لە زمانێک بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە، وەک: ناوی نێرینە، ناوی مێینە، ناوی دوو لایەن، ناوی بێلایەن (لە زمانی کوردیدا هیچ نیشانەیەکی سەربەخۆ بۆ ڕەگەز نییە، تەنیا لایەنی واتا جیاوازی لە نێوان نێر و مێ و دوو لایەن و بێلایەن دەردەخات). **(سەعید، ٢٠١٣: ١٧)** **(Saeed, 2013: 17)** ، مەبەست لەوەیە لە پێکهاتەی وشەسازییانەی وشەکاندا هیچ نیشانەیەکی ڕەگەز نابینرێت، کە هێما بێت بۆ ناسینەوەی ناوەکان لە

ڕووی ڕەگەزەوە، لە پێشەکیی فەرهەنگدا پێویستە زانیاریی تایبەتی بە ڕەگەزی ناوەکان یان وشەکان لە فەرهەنگەکاندا دابنرێت و ڕوونبکرێنەوە بۆ نموونە لە زمانی کوردی (زاری کرمانجی ژووروو)دا پێویستە ئاماژە بە ڕەگەزی ناوەکان و ئامرازی نیشانە ... هتد بدرێت، کە ڕەگەزیان چییە؟

ئەم زانیارییانە لە پێشەکیی فەرهەنگدا گرنگییەکی یەکجار زۆریان هەیە، کە بە لیستێک هەندێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی ڕەگەزی ناوەکان لە پێشەکیی فەرهەنگ، یان پاشکۆی فەرهەنگدا دابنرێن، وەک: (چاوگەکان)، (میوەکان)، (وشە بێگانەکان)، (ژمارەکان) و (ناوی شار و گوند) ... هتد، لە ڕووی ڕەگەزەوە دیارییکرێن.

**٢-٢/١) زانیاریی ڕستەسازی**

لە فەرهەنگدا زانیاریی ڕستەسازی یەکێکە لە زانیارییە سەرەکی و گرنگەکان، کە بریتین لەو زانیارییانەی تایبەتن بە پێکهاتەکانی ڕستە و چۆنیەتیی پێکهاتنی ڕستە و ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە و چۆنیەتیی گەردانکردنی کار بۆ (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو، یان داخوازی) و چۆنیەتیی ناسین و بەکارهێنانی (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ) ئەم زانیارییانە لە فەرهەنگدا دادەنرێن. **(مراد، ٢٠٢١: ١١٣-١١٤) (Murad, 2021: 113- 114)**، سەرەڕای ئەوانە گرنگە ئاماژە بە کاری ناتەواو و کاری یاریدەدەر بکرێت، هەروەها کورتەیەک لە زانیاری لەسەر چۆنیەتیی ڕیزبوونی کەرەستە ڕێزمانییەکان و ئەرکەکانیان لە ڕستەدا دابنرێن و ئەمە بەرچاوڕوونییەک بە بەکارهێنەری فەرهەنگ دەبەخشێت.

دەکرێت زانیارییە ڕستەسازییەکان لە پێشەکیی فەرهەنگدا بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

**١- جۆرەکانی کار لە ڕووی کاتەوە:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکاندا پێویستە جۆری گەردانکردنی کار بخرێتەڕوو بە چەند نموونەیەکی کەم لە فەرهەنگی تاکزمانی و جووتزمانی و فرەزمانی، ئەم جۆرە زانیارییانە بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ گرنگ و بەسوودن، چونکە زانیارییە ڕستەسازییەکان زانیاریی گرنگی بەکارهێنانی زمانن، هەروەها گەردانکردنی کارەکان و بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە لە ئاخاوتنی زمانەکەدا کارێکە جێی بایەخە. (ئاماژەدان بە جۆری کارەکان لە فەرهەنگدا یەکێکە لەو زانیارییانەی پێویستە لە فەرهەنگەکان تۆماربکرێن و بخرێنەڕوو). **(مامە، ٢٠١٣: ١٠٢).(Mama, 2013: 102).**

پێشنیازدەکەین لە پێشەکیی فەرهەنگدا بە کورتی کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو پێناسەبکرێن و چەند نموونەیەک باسبکرێن بۆ بەرچاو ڕوونی، وەک:

ا- پێناسەی کاری ڕابردوو بکرێت و یاساکانی دروستکردنی باسبکرێت، لەگەڵ چەند نموونەیەک، وەک: هات، هاتبوو ...هتد.

-کاری ڕابردووی هەواڵی، وەک: یاساکانی کاری ڕابردووی هەواڵی (نزیک، بەردەوام، دوور، تەواو) بخرێنەڕوو.

-کاری ڕابردووی دانانی، وەک: یاساکانی کاری ڕابردووی دانانی (نزیک، دوور، تەواو).

ب- پێناسەی کاری ڕانەبردوو بکرێت و یاساکانی دروستکردنی باسبکرێن، لەگەڵ چەند نموونەیەک، وەک: دەکەم، بکەم (ڕەگی کارەکە شازە).

دەکرێت لیستێک لە کارەکان و دەمەکانیان لە کۆتایی فەرهەنگ (پاشکۆی فەرهەنگ) دابنرێت، یان بە شێوەی چاوگ، قەد (ڕابردوو)، ڕەگ (ڕانەبردوو) بە تایبەتی ڕەگی کارە شازەکان، وەک: کردن (کە)، بردن (بە)، خستن (خە) ...هتد پێویستییەکی سەرەکییە لە فەرهەنگدا هەبن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت یاسای دروستکردنی کاری داخوازی بخرێتەڕوو، وەک: کاری داخوازی (ب+ ڕەگ + ە ، ن) لەگەڵ دانانی چەند نموونەیەک.

**٢- کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ):**

زانیاریی تایبەت بە کار لە ڕووی هێزەوە لە ناوەڕۆکی فەرهەنگ لە بەردەم دەروازەکانی فەرهەنگ تۆماردەکرێن، لەوانە: کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ).

لە هەندێک فەرهەنگی کوردیدا لە بەردەم دەروازە فەرهەنگییەکەدا بۆ چاوگەکان تەنیا ئاماژە بە هێمای (چ.) (چاوگ) دراوە و بە شێوەی کورتکراوە لە بەردەم دەروازەکاندا دانراون، لەوانە: فەرهەنگی هەراشان (٢٠٠٧) و فەرهەنگی هەرزە (٢٠١٢).

(زانیاریی تایبەت بە کارەکان لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ) یەکێکە لەو زانیارییانەی کە پێویستە لە فەرهەنگدا ڕەچاوبکرێت و ڕوونکردنەوەیان لەبارەوە بدرێت). **(عمر، ٢٠٠٩: ١٥٤). (Omar, 2009: 154)**، پێشنیازدەکەین جۆری کارەکان لە ڕووی تێپەڕ و تێنەپەڕەوە بە شێوەی کورتکراوە دیاریبکرێن لە بەرانبەر دەروازەکانی فەرهەنگ لە ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە تۆماربکرێن، وەک:

کرد (ک. ت.)

هات (ک. ت. ن)

لەگەڵ ئەوەشدا لە پێشەکیی فەرهەنگدا زانیاری لەسەر کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بدرێت، بەم شێوەیە:

ا- کاری تێپەڕ: بە کورتی کاری تێپەڕ پێناسەبکرێت و بە نموونەی ڕستە ڕوونبکرێتەوە، وەک: ئەو نانەکەی خوارد.

ب- کاری تێنەپەڕ: بە کورتی کاری تێنەپەڕ پێناسەبکرێت و بە نموونەی ڕستە ڕوونبکرێتەوە، وەک: ئەو خەوت.

**٣- زانیاریی بەکارهێنان:**

لە پێشەکی فەرهەنگدا زانیاریی تایبەت بە بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زانیاری لەبارەی قاڵبی ڕستەی کوردی (بکەر+ بەرکار+ کار) بخرێتەڕوو و زانیاریی لەسەر دۆخی جیاواز لە مۆرفۆفۆنێم باسبکرێت و نموونەی تایبەت بە ڕستەی مۆرفۆفۆنێمی

تۆماربکرێت و (نموونەی تایبەت بە بەکارهێنانی مۆرفیمە ئەرکییەکان و ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی ڕستەکان و ... هتد)، وەک:

ا- نموونەی بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی لێکدەر و سەرسووڕمان و بانگکردن.

ب- نموونەی بەکارهێنانی ئامرازی نیشانە و هاوەڵناوی نیشانە ... هتد). **(مامە، ٢٠١٣: ١٠٢).**

**.(Mama, 2013: 102)**

پ- نموونەی بەکارهێنانی دیارخەر و دیارخراو ... هتد.

**بەشی دووەم: زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی (فەرهەنگی خاڵ) و (فەرهەنگی شوان)**

**١/٢) زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی (فەرهەنگی خاڵ) و (فەرهەنگی شوان)**

پێشەکی بنەمایەکی سەرەکیی فەرهەنگە و بە دەروازەی سەرەتای ناساندنی فەرهەنگ دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریی ڕێزمانی گرنگ و بەسوود لەخۆدەگرێت، لە فەرهەنگی کوردیدا بەپێی مەبەستی فەرهەنگنووس لە پێشەکیی فەرهەنگدا چەند جۆرێک لە زانیاری دادەنرێن، لەم بەشەدا دوو فەرهەنگ وەک نموونە وەردەگرین بۆ خستنەڕووی زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگدا، کە بریتین لە: (فەرهەنگی خاڵ) و (فەرهەنگی شوان).

**١-١/٢) فەرهەنگی خاڵ**

فەرهەنگی خاڵ فەرهەنگێکی گشتی (کوردی – کوردی)یە چاپی یەکەمی لە ساڵەکانی (١٩٦٠، ١٩٦٥، ١٩٧٦) بە سێ بەرگ لە سلێمانی چاپکراوە، کە لەلایەن (شێخ محەمەدی خاڵ)ەوە دانراوە و ئەم فەرهەنگە لە ساڵی (٢٠٠٥) بۆ جاری دووەم لە یەک بەرگدا لەلایەن (دەزگای ئاراس)ەوە چاپکراوەتەوە، پێکهاتەی فەرهەنگەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە: (پێشەکیی فەرهەنگ، ناوەڕۆکی فەرهەنگ، پاشکۆی فەرهەنگ).

پێشەکیی فەرهەنگەکە زانیارییەکانی پێشەکی لە فەرهەنگەکەدا لە لاپەڕە (٩) دەستپێدەکات بۆ لاپەڕە (٢٣) بۆ چەند بەشێک دابەشدەبێت، کە بریتین لە: (پەیدابوونی وشەی زمان، جیابوونەوەی زمان و وتەی گەلان، لق و پۆپی زمان، کورد، پێگەیشتنی زمانی کوردی، جیابوونەوەی زمانی کوردی، سنووری کوردستان، لق و پۆپی زمانی کوردی، پیتی کوردی، دەستووری زمانی کوردی، وتە و لکەکانی، کار (مصدر)، کاری ڕیشەیی و کاری دەستکردی، نیشانەکانی ئەم فەرهەنگە)، زانیارییە ڕێزمانییەکان لەژێر ناوی چەند سەربابەتێک دانراون لە فەرهەنگەکەدا.

**یەکەم: زانیاریی وشەسازی لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا:**

**١- بەشەکانی ئاخاوتن:**

لە زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگەکەدا هەندێک لایەن باسکراوە و لە دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لە فەرهەنگەکەدا پێناسەی (وتە) (وشە)ی کردووە، هەروەها بەشەکانی ئاخاوتن

به سێ بەش (ناو، کردار، پیت) دیاریکراوه، به دیاریکردنیان بەبێ پێناسەکردنی بەشەکان و تەنیا نموونه بۆ بەشه ئاخاوتنی ناو هێنراوەتەوه بەم جۆرەی خوارەوە:

وته (کلیمه) وشەیەکە کە مەبەستێکی ببێ، وەک (دار، کار، ژن ...هتد).

بەشەکانی ئاخاوتن بەم جۆره پۆلێنکراوه: وته سێ جۆره (١) ناو (اسم) (٢) کردار (فعل) (٣) پیت (حەرف)

له فەرهەنگەکە جۆرەکانی چاوگ له زمانی کوردیدا دیاریکراوه بەم شێوەیەی خوارەوە:

له دیاریکردنی جۆرەکانی چاوگ له پێشەکیی فەرهەنگەکە پێنج جۆر چاوگی (ئەلفی، تائی، دالی، واوی، یائی) دیاریکراوه، لەگەڵ دانانی چەند نموونەیەک بۆ هەر جۆرێکیان. **(خاڵ، ٢٠٠٥: ١٩-٢٠). (Khal, 2005: 19- 20)**

دەکرێت زانیاری لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتن له پێشەکیی فەرهەنگەکە به لیستێکی کورتکراوه دابنرێت، که بریتین له چەند کورتکراوەیەک و له ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە له بەرانبەر هەر دەروازەیەکی فەرهەنگی دابنرێن.

**٢- پێکهاتەی وشە:**

جۆرەکانی وشه له ڕووی پێکهاتەوه دیاریکراوه، ئاماژه بۆ ساده و ناسادەیی کراوه، بەم شێوەیەی خوارەوە:

وشەکان له ڕووی پێکهاتنەوە، تەنیا جۆری کارەکانی به ساده (بسیط) یان پەیوەست (مرکب) دیاریکردووه و نموونەی بۆیان هێناوەتەوه، وەک:

ا- ساده: کارێکە، که تاقه وتەیەک بێت، وەک: (بێژان، نووستن، بردن، هتد).

ب- پەیوەست (مرکب): کارێکە، که دروستکرابێت له دوو وته، وەک: (هەڵماڵین، داماڵین ...هتد)، پاشان کۆمەڵێک پاشگر دیاریکراوه و به ناوی (پەیوەستی) باسکراوه، هەروەها ئاماژەی به (٢٩) جۆر پێشگر داوه، وەک: (دا، ڕا، لێ، تێک، ڕۆ، هەڵ، تێ، پێ ...هتد).

هەروەها چەند پاشگرێک باسکراوه و چەند تێبینییەک بۆ بەکارهێنانیان تۆمارکراوه، وەک:

بەشی پەیوەستی له دواوه (ەوه) هەمیشه سێ ئەرک دەبینێ، وەک:

١- گەڕانەوه (عودت) وەک: (هاتنەوه ...هتد) بۆ شوێنێک که لەوەو پێش لێی بووبێت.

٢- کردنەوه (تکرار)ی کارێک وەک: (دانیشتنەوه ...هتد).

٣- بەرەبەر (تدرج) و هێواشی وەک (خواردنەوه)ی شتی شل، قوم قوم. **(خاڵ، ٢٠٠٥: ٢٠- ٢١). (Khal, 2005: 20- 21).**

سەرەڕای ئەم زانیارییانه فەرهەنگنووس پاشگری (یی) و (ێتی) و (ێنی) و (ئایەتی) یا (هتی) به پاشگری دروستکردنی کار باسکردووه و کۆمەڵێک نموونەی داناوه، وەک: پیر (پیری) (پیریێتی)

... هتد، بەڵام نازانرێت مەبەست لەو زانیارییە چییە؟ و بۆچی وەک پاشگری دروستکردنی کار ئاماژەی بەو جۆرە داوە؟ **(خاڵ، ٢٠٠٥: ٢٢) (Khal, 2005: 22).**

**٣- ناو لە ڕووی ناسراوییەوە:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیاری لەسەر ناوی ناسراو و نەناسراو نەدراوە و ئاماژە بە ئامرازەکانی ناسراوی وەک (ەکە) و نەناسراوی (ێک) یان ئەڵەمۆرفەکانیان نەدراوە.

**٤- ناو لە ڕووی ژمارەوە (تاک و کۆ):**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیاری لەسەر ناوی تاک و کۆ نەدراوە، بەڵام هەبوونی ئەم زانیارییانە لە پێشەکیی فەرهەنگدا پێویست و جێگەی بایەخە.

**٥- ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە):**

ئاماژە بە ڕەگەزی ناوەکان نەدراوە دەروازەکان بە زۆری بە زاری کوردیی ناوەڕاستە، سەرەڕای هەبوونی وشەی زارەکانی تری زمانی کوردی لە فەرهەنگەکەدا، کە ڕەگەز بە شێوەیەکی دیار لە ناوەکاندا دەبینرێن، بەڵام ئاماژە بە ڕەگەزی ناوەکان نەدراوە.

**دووەم: زانیارییە ڕستەسازییەکان:**

زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگەکەدا وەک گەردانکردنی کارەکان و کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ و زانیاریی بەکارهێنان لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا باسنەکراون، سەرەڕای گرنگی و پێویستی ئەو زانیارییانە بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ.

**٢-١/٢) فەرهەنگی شوان**

فەرهەنگی شوان لە لایەن (شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن) دانراوە و لە ساڵی (٢٠٠٧) لەلایەن وەزارەتی پەروەردە چاپکراوە، لە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی تەفسیر بۆ چاپکردن و ڕاگەیاندن، ئەم فەرهەنگە فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە، لە پێشەکیی و ناوەڕۆک پێکهاتووە و وشە و زاراوەکانی بە شێوەی ئەلفبێی فەرهەنگی ڕیزکراون، لە بەرانبەر وشەکاندا بە شێوەی ڕێنووسی لاتینی وشەکان دانراون، ئاماژە بە سەرچاوەکانی دانانی فەرهەنگ کراوە لە لاپەڕە (١٧) لەژێر سەرناوی سەرچاوە سەرەکییە کوردییەکان لە پێشەکیی فەرهەنگەکە، زانیارییە ڕێزمانییەکان لەژێر ناوی چەند سەربابەتێک لە فەرهەنگەکەدا دانراون.

زانیاریی ڕێزمانی لە پێشەکیی فەرهەنگەکە ئاماژە بە چەند جۆرێک لە زانیاریی دراوە، کە بەم شێوەیە دابەشی دەکەین:

**یەکەم: زانیاریی وشەسازی لە پێشەکیی فەرهەنگەکە:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکە زانیاری لەسەر بەشەکانی ئاخاوتن، پێکهاتەی وشە، ناو لە ڕووی ناسراوی، ناو لە ڕووی ژمارە، ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە نەدراوە.

لە پێشەکیی فەرهەنگەکە زانیاریی وشەسازی بە ناوی زانیاریی وشەسازی دانەنراوە، بەڵکو لەژێر ناونیشانی (لە ژێر سەرباسی) دانراوە، کۆمەڵێک زاراوەی ڕێزمانی پێناسەکراوە، وەک:

وشە ((ئەو هێمایەیە کە مرۆڤ بیر و هەستی خۆی پێ دەدرکێنێت (یان دەری دەبڕێ) و بریتییە لە پێوەرێک بۆ ووردبینی بیری مرۆڤ لە هەموو کات و شوێنێکدا)). **(شوان، ٢٠٠٧: ١٤)**. **(Shwan, 2007: 14).**

وشەی کوردی کۆن و لە بیر چوو و شاراوە تۆمارکراوە. **(شوان، ٢٠٠٧: ١٥ - ١٦) (Shwan, 2007: 15 – 16).**

پێناسەی وشەی کردووە و باسی کردووە و ئاماژەی داوە بە چەند بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە وشەکانی فەرهەنگە پێکهاتوون لە: (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار ...هتد).

لەگەڵ ئەوانەدا فەرهەنگنووس هەندێک وشەی نوێی باسکردووە، پاشان وشەی هاوواتا و پەندی پێشینانی پێناسەکردووە و پێناسەی زاراوەی کردووە لە پێشەکیی فەرهەنگەکە. **(شوان، ٢٠٠٧: ٧ - ٨)(Shwan, 2007: 7- 8).**

لەژێر سەرناوی (ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لە بارەی) لە پێشەکیی فەرهەنگەکە کۆمەڵێک چەمکی پێناسەکردووە و ناساندوویەتی بە خوێنەر لەوانە:

-هەندێک پێناسەی چەمکی وشەسازی و ڕستەسازی و هەندێک زانیاریی واتاسازی باسکردووە، وەک: هاوواتا، دژواتا ...هتد.

-هەندێک زاراوەی تری زمانەوانی بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ ڕوونکراوەتەوە و باسکراوە، وەک:
-(زاراوە و ئیدیۆم و خوازە و درکە و پێناسە و باسی فەرهەنگ و پەند و باو و وشەی نەستەق) کۆمەڵێک بابەتی زمانەوانی بە کورتی شیکردووەتەوە.

**دووەم: زانیاریی ڕستەسازی لە پێشەکیی فەرهەنگەکە:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا زۆر بە کەمی هەندێک زانیاریی ڕستەسازی تۆمارکراوە، وەک زانیاریی بەکارهێنانی وشەکان لە ڕستەدا، بە شێوەیەکی گشتی هەندێک زاراوە و زانیاریی ڕستەسازی باسکراوە، کارەکان لە ڕووی کاتی ڕابردووەوە دوای لادانی نوونی چاوگ بە کورتی باسکراوە، وەک:

(چاوگ) دۆخی ژێدەر وێنەیەکە لە جۆرەکانی کردار، لە ڕووداوێک یا دۆخی ڕووداوێک دەدوێ بێ ئەوەی ئاماژەبدات بە :-

(هیچ کەسانێ لە ئاخاوەر (پەیڤەر) دواندراو، غایب، دووانە یان ناوی کۆ: (خۆی نابەستێتەوە بە ژمار، کەس یان نیهاد (واتە موبتەداکەیەوە) لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی (ناو)یش دەبینێ، واتە وەک (ناو)یش بەکاردەهێنرێ. کەواتە (چاوگ) وشەیەکە بە واتای (ڕوودانی کار) یان (دەرکەوتنی هاوەڵکردار)، دۆخێکی کردارە بێ دیاریکردنی کات.، بۆیە پێی دەوترێ (چاوگ) چونکە ژێدەری ناو و کرداری دیکەیە، نیشانەی (چاوگ) (تن) (دن) (ون) یا (ان)ە لە کۆتایی وشەکەوە، بە مەرجێ

هەرکاتێ (ن) ەکە لابرا (کرداری ڕابردوو) دەمێنێتەوە وەک (ڕۆیشتن، ڕابوردن، چوون، ڕسکان)، دوای لابردنی (ن)ەکە (ڕۆیشت، ڕابورد، چوو، ڕسکا) ماوەتەوە). **(شوان، ٢٠٠٧: ١٤- ١٥)** **(Shwa, 2007: 14- 25)**، لێرەدا فەرهەنگنووس ئاماژەی بە چاوگی یائی نەداوە.

**ئەنجامەکان**

١- لە پێشەکیی فەرهەنگە کوردییەکاندا هەندێک زانیاریی ڕێزمانی باسدەکرێت بە زۆری زانیاریی وشەسازین و لە ڕووی وشەسازییەوە و لە پێشەکیی فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی شوان ئاماژە بە هەندێک زانیاریی وشەسازی دراوە.

٢- زانیاریی لەسەر ناو لە ڕووی (ناسراوی و نەناسراوی و تاک و کۆ و ڕەگەزەوە) لە هەردوو فەرهەنگەکە باس نەکراون، هەرچەندە ئەم زانیارییانە زانیاریی گرنگی وشەسازین و بە گرنگ دەزانرێن لە پێشەکیی فەرهەنگدا هەبن.

٣- زانیاریی ڕستەسازی لە فەرهەنگی کوردیدا بە زۆری لە شیکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ ئاماژەی بۆ دەکرێت، زانیاریی ڕستەسازیی لە پێشەکیی فەرهەنگی خاڵ باسنەکراوە و لە فەرهەنگی شوان بە دەگمەن هەندێک زانیاریی ڕستەسازی لە پێشەکیی فەرهەنگەکە تۆمارکراون.

٤- لە فەرهەنگی جووتزمانی و فرەزمانی زانیاریی ڕێزمانی بە زۆری بە کارێکی پێویست دادەنرێت بۆ مەبەستی بەخشینی زانیاریی کورت و گرنگ، لەگەڵ تۆمارکردنی هەندێک لە دەربڕینە زۆر بەکارهاتووەکانی زمانەکە و کەرەستەکانی ڕستە و جۆری گەردانکردن و ...هتد.

**لیستی سەرچاوەکان**

**-بە زمانی کوردی**

-حاجی مارف، ئەوڕەحمان (٢٠١٤)، **فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی دووەم.

-حاجی مارف، ئەوڕەحمان (١٩٨٧)، **لە بارەی فەرهەنگنوسیی کوردی**، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا.

-خۆشناو نەریمان (٢٠٠٩)، **ڕێزمانی کوردی بەشەکانی ئاخاوتن**، چاپخانەی منارە، هەولێر، چاپی یەکەم.

-سەعید، یووسف شەریف (٢٠١١)، **وشەسازی**، کار و چالاکی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم.

-عثمان، علی حمد (٢٠١٦)، **ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا (فەرهەنگی یەک زمانیی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەک نمونە)**، نامەی ماستەر، فاکڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

-مراد، میدیا (٢٠٢١)، **فەرهەنگنووسی**، چاپخانەی نارین، هەولێر، چاپی یەکەم.

-طاهر، شهاب طيب - محمدصالح، شکۆفه حسين، **هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردیی لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە (فەرهەنگەکەی زەبیحی بە نموونە)**، مجلة جامعة كركوك للعلوم الانسانية، بەرگ ١٦، ژمارە ١، ساڵی ٢٠٢١.

**-فەرهەنگەکان**

-حەسەن شەوکەت مەلا ئیسماعیل (٢٠٠٧)، **فەرهەنگی شوان**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم.

-شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥)، **فەرهەنگی خاڵ**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم.

**بە زمانی عەرەبی**

-احمد، مختار عمر (٢٠٠٩)، **صناعة المعجم الحديث**، عالم الكتب، القاهرة. الطبعة الثانية،

-الامين- محمد تومي – ربيعة برباق (٢٠٢٢) **مقدمة المعجم العربي الاساسي دراسة في ضوء مبادىء الصناعة المعجم المعاصرة**، مجلة اللغة العربية، المجلد ٢٤ ، العدد ١ .

-مامە، سەنگەر علي (٢٠١٣)، **صناعة معجم بين اللغتين العربية و الكردية – دراسة تقابلية في معاجم احادي اللغة**، اطروحة دكتورا، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.